مكتبة الهمّة

دەوڵەتی ئیسلامی

ئەمە بیروباوەڕمانە و ئەمەش ڕێبازمانە

- وە هەرکەسێك شایەتومان بێنێت بە پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ وئیسلاممان بۆ دەربخات و هەڵوەشێنەرەوەیەك لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلامی تێكەڵ نەكات، ڕەفتارمان لەگەڵ كردووە بە ڕەفتاری موسڵمانان و پەنهانیەكەشی بۆ لای الله تعالى یە؛ هەركەسێك دروشمەكانی ئاینمان بۆ دەربخات حوكمەكانی موسڵمانانی لەسەر دەڕوات چونكە كاروباری خەڵك دەكەوێتە سەر ڕواڵەت و الله تعالى.ش زانایە بە نادیار و پەنهانەكان.
- شیعەی ڕافیزە لە لامان كۆمەڵەی شیرك و ڕیدە و چەتە و ڕێگریین.
- باوەڕمان وایە كە خاكەكان ئەگەر ڕێوڕەسم و دروشمەكانی كوفری تێدا جێبەجێكرا و حوكمەكانی كوفر تیایدا زاڵ بوو لە جیاتی حوكمەكانی ئیسلام ئەوا خاكی كوفرە (دار الكفر)، ئەم تەكفیركردنەش دانیشتوانی خاكەكان ناگرێتەوە، وەك زیادەڕۆیەكان ناڵێین: (بنچینە لە خەڵكدا كوفرە بە ڕەهایی)، بەڵكو خەڵك بە گوێرەی بار وحاڵەكەیەتی و تیایاندایە موسڵمانە و تیاشیدایە كافرە.
- باوەڕمان وایە كە عەلمانیەت بە جیاوازی ئاڵاكانی و مەزهەبە جۆراوجۆرەكانی وەك نەتەوەپەرستی و نیشتیمانپەرستی و شوعیەت و بەعسیەت كوفری ئاشكرایە و هەڵوەشێنەرەوەی ئیسلامن و دەرچووێنەرن لە دین.
- وە بنەماكانی بەڵگەهێنانەوە لە لای ئێمە قورئان و سوننەتە بە تێگەیشتنی پێشینی چاك لە سێ سەدە سەرەتاییە فەزڵ پێدراوەكان.
- نوێژكردن لە دوای هەموو چاكێك و خراپێك و بارودۆخ شاراوەیەك (مستور الحال) لە موسڵمانان بە دروست دەبینین.
- وە جیهادیش بەردەوامە تا بەر پا بوونی قیامەت، ئەویش جا ئەگەر پێشەوایەك بوونی هەبوو یان نەبوو، جا پێشەوا زۆرداربێت یان دادوەر.

وە ئەگەر پێشەوایەكیش نەبوو جیهاد دوا ناكەوێت؛ لەبەر ئەوەی سود و بەرژەوەندیەكەی لەدەست دەچێت بە دوا كەوتنی، جا ئەگەر گەیشتن بە دەستكەوت وغەنیمەت كەسانی تایبەت بەمە و شارەزا دابەشی دەكەن بە پێی پێویستیەكانی شەرع، وە پێویستە لەسەر هەر باوەڕدارێك كە جیهاد وشەڕی دوژمنانی الله تعالى بكات هەتا ئەگەر بەتەنیا هەر خۆی مایەوە.

- وە خوێن وئابڕوی موسوڵمانان و ماڵ و سامانیان لای ئێمە حەڕامە و ڕێگە پێنەدراوە، جگە لەوەی كە شەریعەت ڕێگەی پێداوە و پێغەمبەر ﷺ خوێن بەفیڕۆدانەكەی بە دروست دانابێت.
- جا ئەگەر هێرش بەرێك لە بێ باوەڕان دەست درێژی كردە سەر ماڵ وگیان وئابڕوی موسوڵمانان ئەوا ئەوكاتە جیهاد دەبێتە(فرض عین) واتا لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویست دەبێت، وە هیچ مەرجێك نایگرێتەوە وبە پێی توانا ڕێگە دەگیرێت لە دوژمنی دەست درێژیكاری خراپ كاری ئاین ودونیا، وە هیچ شتێك لە باوەڕ لە پێشترەوە نییە كە ڕێگەی لێ بگرێت.
- وە كوفری (الردة) هەڵگەڕانەوە دژوارتر وخراپترە لە كوفری ئەصڵی بە (إجماع) و ڕای گشتی زانایان، جا لەبەر ئەمە كوشتاری موڕتەدد و هەڵگەڕاوەكان لەدین لەپێشترە لای ئێمە لە هی ئەوانەی كافری ئەصڵین.

- وە پێشەوایەتی بۆ بێباوەڕ و كافر نییە وبۆی دروست نییە، وە ئەگەر پێشەواش توشی كوفرێك بوو لە فەرمان ڕەوایەتی دەكەوێت وە گوێڕایەڵی ناكرێت، وە لەسەر مسوڵمانان پێویست دەبێت كە هەستن بە لابردنی و دانانی پێشەوایێكی دادپەروەر لە جێگەی ئەگەر توانیان.
- وە كۆڵەگەی ئاین بە (قرآن يهدي وسيف ينصر) قورئان ڕینوێنی كارە وشمشێریش سەرخەر، جا جیهادمان بە ڕم و شمشێر و بەڵگەی ئاشكراو بیانوبڕ دەبێت.
- وە هەركەس بانگەشەی بۆ جگە لە ئیسلام كرد یان تانە بدات لە ئاینەكەمان یان شمشێر لەسەرمان بەرزبكاتەوە ئەوا دوژمنمانە.
- وە تەفرەقە و دوفاقی و ناكۆكی پشتگوێ دەخەین، وە بانگەشە دەكەین بۆ یەكخستنی گوتار و یەكڕیزی، وە هەوڵدەدەین بۆ دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی كە ئەمیش فەڕزی كیفایەیە لەسەر هەموو مسوڵمانان، ئەگەر دەستە و كۆمەڵێك هەستان بەدامەزراندنی ئەوا ئەم ئەركە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، وە باوەڕمان وایە كە گوێڕایەڵی و پەیڕەویكردنی پێشەوای مسولمانانی بەیعەت پێدراو لە لایەن ئەهلی حەل و عەقد واجبە ، وە بەڕاستی دەرچوون لە فەرمانی ئەو تاوانە بەبێ جیاوازی بیر و ڕای زانایان، وە هەركەس دەرچوو لە فەرمانی بانگەشە دەكرێت تا ئەوەی دەگەڕێتەوە وە ئەگەرنا شەڕی لەگەڵ دەكرێت تا دەگەڕێتەوە، وە هەركەس بمرێت و بەیعەت و پەیمانێكی لە ئەستۆ نەبێت بە نەفامی مرووە.
- وە هیچ مسوڵمانێك تاوانبار ناكەین یان پەیوەندی لەگەڵ نا پچڕێنین لەسەر ئەو بابەتانەی ئیجتهادی تێدا دەكرێت.
- وە وای دەبینین كە دەبێت گەلی مسوڵمانان بەگشتی و موجاهیدان بەتایبەتی لە ژێر یەك ئاڵادابن.
- وە مسوڵمانان هەموویان یەك ئومەت و گەلێكن، وە هیچ فەزڵ و شكۆیەك نییە بۆ عەرەب زمان بەسەر غەیری عەرەبیدا تەنها بە تەقوا و ترسان نەبێت لە پەروەردگار، وە خوێنی مسوڵمانان یەكسانە و ئەوانەی لە خوار ئەوانیشەوەن لە ئەهلی (ذیمة) لە ئەستۆی مسوڵماناندان، وە پشت هەڵناكەین و واز ناهێنین لەو ناوانەی كە الله تعالى پێی ناوی ناوین.
- وە پشتگیری سەرخەران و یاوەرانی پەروەدگار دەكەین و سەریان دەخەین، وە دوژمنایەتی دوژمنانی الله تعالى دەكەین و ڕقی خۆمان بەرامبەریان ڕادەگەێنین، وە خۆمان بەری و بەدوور دەگرین لە هەموو گەل و كۆمەڵێك، جگە لە كۆمەڵ و میللەتی ئیسلام ئەوانەی كە دەستیان گرتووە بە قوڕئانی پیرۆز سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، وە دوورن لە ڕێچكەكانی بیدعە و گومڕایی.

الحمد لله والصلاه والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد:

• ئێمه باوەڕمان وایه كه جگه له الله تعالى هیچ پەروەردگارێك نییه، وه هیچ پەرستراوێكی به حەق نییه جگه لەو، ئەمه جێگیر دەكەین و دەی چەسپێنین بۆی كه ووشەی تەوحید جێگیری كردووه -پاكی و بێگەردی بۆ ئەو-. (شیرك) هاوبەش دانان بۆی ڕەت دەكەینەوه، جا شایەدی دەدەین كه هیچ پەرستراوێك نییه به حەق جگه له الله تعالى تاكه وهاوبەشی نییه، وه ئەمه سەرەتای ئاین وكۆتایی وڕواڵەتی و ناوەڕۆكیەتی هەر كەس بیلێت وپابەندبێت به مەرجەكانی ومافەكانی بدات ئەوا موسڵمانه، وه هەر كەسێكیش مەرجەكانی جێبەجێ نەكات یان یەكێك له هەڵوەشێنەرەوەكانی ئەنجام بدات ئەوا كافره وئەگەرچی بانگەشەی ئەوەش بكات كه موسڵمانه.

• باوەڕمان وایه كه الله تعالى دروستكاری بەڕێوەبەره وخۆی خاوەنی هەموو شتێكه وستایش بۆئەوه وبه توانایه بەسەر هەموو شتێكدا، وه ئەو یەكەمین ودوایەمینه ودیار وئاشكرایه بۆ خاوەن ژیرییەكان بەهۆی بەڵگەكانەوه، وپەنهان وشاراوەیه له چاوی بەندەكان وزانایه بەئاشكرا وپەنهانەكان، {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ}، {هیچ شتێك نییه له وێنەی ئەو زاته، هیچ شتێك لەو ناچێت، هەر ئەویش بیسەر و بینایه}، وه لانادەین له ناوه بەرز وپیرۆزەكانی ئەو، وه له سیفەتەكانیش به هەمان شێوه وجێگیریان دەكەین بۆی هەروەك له قورئانی پیرۆز وسونەتی دروست هاتووه بەبێ گونجاندن ولێكچوواندن وتەئویل وپەكخستن.

• باوەڕمان وایه كه محمد ﷺ پێغەمبەره بۆ هەموو دروستكراوان به مرۆڤ وجنەوه، شوێنكەوتنی وپابەندبوون بەگوێڕایەڵی كردنی واجبه له هەموو ئەوانەی فەرمانی پێكردووه وبەڕاستدانانی وتەسلیم بوون بۆی له هەموو ئەوەی هەواڵی پێداوه، وه پێویسته پابەندبین به فەرموودەی الله تعالى لەبارەیەوه: {فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً} [النساء: ٦٥]، {نەخێر سوێند به پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێ دەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا له هەموو كێشەیەكدا كه ڕوودەدا له نێوانیاندا تۆ نەكەن به دادوەر وگوێڕایەڵی تۆ نەكەن، دوای ئەوەش نابێت له دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی كه داوەریت لەسەر كردووه ودەبێت بەتەواوی تەسلیم بن و ڕازی بن}.

• باوەڕمان به فریشته بەڕێزەكان هەیه وئەوان سەرپێچی الله تعالى ناكەن لەوەی كه فەرمانیان پێدەكات وهەرچی فەرمانێكیان پێ بكرێت جێبەجێی دەكەن، وه خۆشەویستیان له باوڕدایه و ڕق لێبوونەوەشیان له كوفردایه.

• باوەڕمان وایه كه قورئان وتەی الله تعالى یه به پیتەكانی و ماناكانیەوه، وه سیفەتێكه له سیفەتەكانی الله تعالى ودروستكراو نییه (مخلوق)، هەر بۆیه به گەورەزانینی وپابەندكردن به شوێنكەوتنی و فەرزكردنی حوكم پێكردنی واجبه.

• باوەڕمان به گشت پێغەمبەرانی الله تعالى هەیه، یەكەمیان ئادەم وكۆتاییان

محمده ﷺ برای خۆشەویستی یەكترن ونێردراون به پەیامی تەوحید بەتەنها پەرستنی پەروەردگاری جیهانیان.

• باوەڕمان وایه كه سوننەت بریتیه له سروش و وەحی دووەم وڕوونكەرەوه و تەفسیری قورئانه، ئەوەی كه لێی ڕاست و صەحیح بێت لێی لانادەین بۆ قسەی هیچ كەسێك جا هەر كێ بێت، خۆمان بەدوور دەگرین له بیدعه به بچووك و گەورەیەوه.

• خۆشویستنی پێغەمبەرمان واجبه و نزیك بوونەوەیه له پەروەردگار، ڕق لێبوونەوەشی كوفر ونیفاقه، وه لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەرمان ئەهلی بەیتمان خۆشدەوێت و ڕێزیان لێ دەگرین و زیادەڕۆیی ناكەین دەربارەیان و بوهتانیان بۆ ناكەین.. ڕازین به هەموو هاوەڵانی و ئەوان گشتیان هاوتا ویەكسانن وله غەیری باشه هیچ ناڵێین دەربارەیان، خۆشویستنیان واجبه لەسەرمان و ڕق لێبوونەوەیان نیفاقه لامان، خۆمان بەدوور دەگرین لەوەی لەنێوانیاندا ڕوویدا وئەوان لەمەدا تەئویلكار بوون و باشترینی سەدەكانن.

• باوەڕمان به قەدەره بەخێر وشەڕیەوه هەمووی له لایەن الله تعالى .وەیه، وه پاكی وبێگەردی بۆی ئەو دەسەڵات و توانای گشتی و ویستی ڕەهای هەیه، وه ئەوەی الله ویستبێتی بووه وئەوەشی نەیویستبێت نەبووه، وه الله تعالى دروستكاری كردەوەكانی بەندەكانه، وه بۆ بەندەكانیش هەیه كردەوەكانیان هەڵبژێرن دوای ئیزنی الله، وه بڕیار وقەدەری ئەو له ڕەحمەت وفەزڵ و دادپەروەری دەرناچێت.

• باوەڕمان وایه كه سزای گۆڕ وخۆشیەكانیشی حەق و ڕاسته، الله سزای ئەو كەسه دەدات كه شایستەیه ئەگەر ویستی، ئەگەر ویستیشی لێ خۆش دەبێت، باوەڕمان به باسی منكر ونكیر هەیه لەسەر ئەوەی هەواڵەكه چەسپاوه له پێغەمبەرەوه ﷺ ، هاوتا لەگەڵ فەرموودەی الله تعالى: {يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة ويضل الله الظالمين ويفعل الله ما يشاء}، {پەروەردگار ئەوانەی باوەڕیان هێناوه پایەدار دەكات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان له ژیانی دونیادا، لەسەرەمەرگ و له قیامەتیشدا، (باوەڕی دامەزراو فریایان دەكەوێت) وگوفتاریان ڕێك وپێك ودامەزراو دەبێت و بەئیمانەوه دەمرن، لەولاشەوه هەر ئەو ستەمكاران گومڕا دەكات وئەوەی پەروەردگار بیەوێت هەر ئەوه پێش دێت ودەكرێت}.

• باوەڕمان هەیه به زیندووبوونەوەی دوای مردن و ڕۆژی دوایی و باوەڕمان بەوه هەیه كه بەندەكان و كردەوەكانیان دەهێنرێنه بەردەستی الله تعالى ودەخرێنه ڕوو، باوەڕمان هەیه به ڕۆژی لێپرسینەوه و تەرازوو وحەوز وسیڕات، وه بەهەشت حەقه و ئاگریش حەقه.

• باوەڕمان به نیشانەكانی قیامەت هەیه ئەوەی كەبه دروستی له پێغەمبەرەوه ﷺ گێڕدراوەتەوه، و گەورەترین فیتنه لەو كاتەوەی الله تعالى ئادەمی دروست كردووه و تاوەكو قیامەت هەڵدەستێت بریتیه له فیتنەی مەسیحی دەججال، وه باوەڕمان به دابەزینی عیسی ﷺ هەیه كه بەدادگەری حوكم دەكات و باوەڕمان هەیه به گەڕانەوەی خیلافەتی ڕاست ودروست لەسەر ڕێبازی

پێغەمبەر ﷺ.

• باوەڕمان وایه كه الله تعالى قەومێك له موەحیدان دەردەهێنێت له ئاگر به تكای تكاكاران، وه شەفاعەت حەقه بۆ ئەو كەسەی الله تعالى مۆڵەتی دەدات وڕازییه بەوەی كه قسه بكات.

• باوەڕمان هەیه به شەفاعەتی پێغەمبەرمان و ئەو مەقامی مەحمودی بۆ هەیه له ڕۆژی قیامەت.

• وه باوەڕ بریتییه له وته وكردار ونیەت، وه باوەڕهێنانه به دڵ و دانپێدانانه به زمان وكرداره به ئەندامەكانی لاشه، هەمووشیان بەیەكەوەن ولێك جیانین.. باوەڕهێنان به دڵ بریتیه لەگوته وكردارەكانی دڵ، جا گوتەی دڵیش بریتییه له: ناسینی یان كارپێكردنی وبەڕاست دانانی، وه له كارەكانی دڵ خۆشەویستی و ترسان و داوا و تكاكردنه...هتد، وه باوەڕ زیاد دەكات به گوێڕایەڵی و كەم دەكات به سەرپێچی و چەندین بەشی هەیه هەروەك ڕاستگۆی بەڕاستدانراو هەواڵی پێداوه كه بەرزترینیان (لا اله إلا الله)یه و نزمترینیان لابردنی ئازار وزیان بەخشێكه له سەر ڕێگا، وه له بەشەكانی باوەڕ هەیانه بنچینەیه و به نەمانی باوەڕ نامێنێت وەك بەشی تەوحید (لا اله الا الله محمد رسول الله) و نوێژ و هاوشێوەكانی لەوەی الله تعالى به دەق دایناوه لەسەر نەمانی بنچینەی باوەڕ و هەڵوەشاندنەوەی به وازلێهێنانی، وه هەیانه له پێویستییەكانی باوەڕه و به نەمانی باوەڕ كەم دەكات، وەك زینا وخواردنەوەی مەی و دزی كردن و هاوشێوەكانی.

• هیچ كەسێك تەكفیر ناكەین له موەحیدان و ئەوەی نوێژ دەكات ڕووەو قیبلەی موسڵمانان به گوناه وتاوان وەك زینا وخواردنەوەی ئارەق مادام بەحەڵاڵی نەزانێت. ووتەمان له باوەڕدا مامناوەنده له نێوان خەواریجه زیادەڕۆكان و مورجیئه لادەر و گوێ پێ نەدەرەكان.

• كوفر گەوره و بچوكی هەیه، وحوكمەكەی دەكەوێته سەر ئەو كەسەی دەیكات جا به باوەڕبوون بێت یان به ووته یان به كردار، بەڵام تەكفیری كەسێكی دیاریكراو لێیان و حوكم دان مانەوەی هەتا هەتایی له ئاگر وەستاوه لەسەر چەسپاندنی مەرجەكانی تەكفیر و نەمانی ڕێگرەكانی، جا ئێمه ووته دەردەبڕین به دەقەكانی بەڵێنەكان و هەڕەشەكان، و تەكفیر كردن و فاسق كردن و حوكمی دیاریكراوێك نادەین به چوونه ژوورەوەی لەم گشتییەدا تاوەكو ئەو پێویستیه دێتەجێ كه دژ و ڕێگری نییه، وه كەسێك تەكفیر ناكەین به گومان و (لازم القول) قسەیەك كه له ناوەڕۆك و مەبەستدا كوفر نەبێت بەڵام بەرامبەر به كوفر لێی تێبگات.

• ئەو كەسه تەكفیر دەكەین كه الله و پێغەمبەرەكەی ﷺ تەكفیریان كردووه، وه هەر كەسێك به غەیری ئیسلام دینداری بكات ئەوا كافره جا ئەگەر بەڵگەی پێگەیشتبێت یان پێی نەگەیشتبێت، بەڵام سەبارەت به سزای ڕۆژی دوایی تەنها ئەوەی بەڵگەی پێگەیشتبێت توشی دێت ، الله تعالى دەفەرموێت:{وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً} [الإسراء : ١٥]، واتا: ئێمەش سزای كەسمان نەداوه تا ئەوەی كه پەیامبەرێكمان بۆ ناردووه.